# هێما نەمرەکان



**ژۆزێف هەندرسن[1]**

**و: سوورێن ئیبراهیم**

وا ئەمڕۆ لە وای هێما و ئوستووڕە دوورەکانەوە، مێژووی کەونار دەدۆزینەوە. تا دێرینناسان لە ڕابردوو نزیکتر دەبنەوە، خوازەلۆکییمان بۆ ڕووداوە مێژووییەکان کەمتر و بۆ پەیکەر و نیگار و پەرەستگە و ئەو دەستاوێژانەی شیتەڵی ڕامانی مرۆڤی دێرینمان بۆ دەکەن، پتر دەبێت. فەیلەسووف و ئایینناس و زمانناسان، دیرۆکێکی ترمان بۆ دەگێڕنەوە، بە زمانێکی ئیمڕۆژیی و ڕوون پێشکەشی دەکەن. لە سای سەری مرۆڤناسیی فەرهەنگییەوە، ئەم ڕامانە زیندوو دەنوێنێ. مرۆڤناسانن سەلماندوویانە، ئەم

---

[1] ژۆزێف هەندرسن (١٩٠١ - ٢٠٠٣): دەروونشیکارێکی سەر بە ڕێبازی دەروونشیکاریی شیکارییە، هەندێک بە ڕابەری دەروونشیکاریی شیکاریی ئەمریکیی دەزانن. بەشێکی مەزنی کارەکانی لێکۆڵینەوەیە لە هێما و سرووت و ئایین و ڕامانی کۆمەڵی ئەمریکیی.

چێوە هێماییانە لە سرووت و ئوستوورەی خێڵە بچکۆلەکانی ئیمڕۆدا و بێ کەمترین گۆڕانکاریی، لە لۆچی سەردەماندا، دەستلێنەدراو؛ ماونەتەوە.

ئەم توێژەرانە کۆششێکی بێپسانەویان کردووە تا ڕامانی مرۆڤی تەنگەتیلەی هاوچەرخ نوێ بکەنەوە. ئەم مرۆڤە پێی وایە، ئەم هێمایانە هیی مرۆڤی کەونار و خێڵە دواکەوتووەکانی ئەمڕۆن، کەواتە پەیوەندییەکی وای بەم ژینە ئاڵۆزەی هاوچەرخەوە نییە. ڕەنگە خەڵکی لەندەن و نیۆرک سرووتی پیتوفەڕی زەمینی مرۆڤی سەردەمی بەردیینیان پێ باوەڕێکی خەیاڵپڵاوانە بێت. گەر یەکێک بانگەشەی ئەوە بکات گوایە سرووشی بۆ دابەزیوە و وێردێک دەژنەفێ، بە پیرۆز و پێغەمبەر ناودێری ناکەن، بەڵکوو دەڵێن تووشی دەروونپەشێویی هاتووە. کاتێ ئەستوورەکانی یۆنانی کۆن و چیرۆکی فۆلکلۆریی سوورپێستەکانی ئەمریکا دەخوێنینەوە، سەرەندەر ناکەین چ پەیوندییەک لە نێوان ئەوانە و ڕامانی ئەمڕۆ بۆ پاڵەوان و ڕووداوی دراماتیکدا هەیە.

ئەمە لە کاتێکدا ئەمانە پێکڕا پەیوەندییان هەیە، ئەو هێمایانەی وا نیشاندەری ئەم پەیوەندییەن، هێشتانەکێش لای مرۆڤ زیندوون.

لەم سەردەمەدا ڕێبازی دەروونشیکاریی شیکاریی یۆنگ، ڕۆڵێکی فراوان لە شیکاریی و هەڵسەنگاندنی تازەی ئەم هێما نەمرانەدا دەگێڕێ. پشتئەستوور بەم ڕێبازە، ڕەهەندیی لێکپساوی نێوان مرۆڤی سەرەتایی- کە وا دەنوێنێ هێماکان بەشێکی ژیانە سرووشتییەکەین- و مرۆڤی هاوچەرخ، کە وادیارە هێماکانی پێ پووچەڵ و هەڵۆڵە، لێک هەڵدوورییەوە.

وەک چۆن دکتۆر یۆنگ ئاماژەی پێ کردووە گوایە زەینی مرۆڤ مێژووی تایبەتی خۆی هەیە و ئەو هێڵ و نیشانانەی وا بە درێژایی ڕۆژگار لە دەروونی مرۆڤدا بن دەگرن، چیرۆکی پەرەسەندنی ئەو دەگێڕنەوە. بارگەی نەستەکیی مرۆڤیش وێنایەکی باڵکێش لە سەر دەروونی مرۆڤ خاڵکوت دەکات. ڕەنگە هۆش ئاگای لەم ملەجەڕەیە هەر نەبێت. لێ بنهۆش لە بەرانبەر هێماکان و بۆ نموونە خەونەکان- کە نوێنەری بارگەی نەستەکییە- پەرچەکردار دەنوێنێ. ڕەنگە مرۆڤ لای وابێ خەونەکانی ئەو خودیی و

هەڵەجەوبەڵەجەن. لێ دەروونشیکار بە پشوودرێژیی دەتوانێ زنجیرەیەک هێما بدۆزێتەوە و تێ بگات هەموویان واتادارن، سا گەر نەخۆشەکە توانی واتاکەیان هەڵگۆزێ، دەروونشیکار ڕایەی دەکەوێ تێڕوانینی ئەو بۆ ژیان بگۆڕێت.

هەندێ لە هێماکانی خەون ئاو لەو سەرچاوەیە دەخۆنە وا دکتۆر یۆنگ بە **'کۆنەست'ـی** ناودێر کردووە. واتە ئەو بەشەی دەروون وا پێشینەی دەروونیی هاوبەشی مرۆڤانە. ئەم هێمایانە هێندە دێرین و لێڵن، مرۆڤی ئیمڕۆیی یەکەوجێ تێیان ناگات.

ئا لێرەدایە دەروونشیکاریی گرنگ دەنوێنێ، لەوانەیە وا پێویست بکات نەخۆش لە گەڕی هێما کۆن و ئاڵۆزەکان دەرباز بکەین. یان پاڵپشتیی بکەین تا بەهایەکی باڵا لە شاهێما[2]یەکەوە هەڵگۆزێ. ئەو هێمایەی وا لەگەڵ کۆنییەکەی هەروا زیندوو ماوەتەوە و لەسەر پێیە تا لە کەوڵ و ڕەنگێکی تازەدا خۆی بنوێنێتەوە.

پێش ئەوەی دەروونشیکار بە یاوەریی نەخۆش ورد بۆ واتای پشت هێماکان بگەڕێ، دەبێ خۆی زانیارییەکی فراوانی لەمەڕ سەرچاوە و واتای هێماکەوە هەبێ، چونکە هاوبەشێتیی ئوستوورە کەونارەکان و ئەو چیرۆکانەی وا لە خەونی نەخۆشەکانەوە سەرەتاتکێ دەکەن، نە پڕوپووچن نە هەڵکەوت. ئەم هێمایانە لە واروبێخی دەروونی مرۆڤدا تەرزیان کوتاوە، سا نەستی مرۆڤی مۆدێڕن توانای مانەوەیانی پاراستووە؛ ئەو توانایەی وا سەردەمانێک لە باوەڕ و سرووتی مرۆڤی سەرەتاییەوە هەڵدەقولا. ئەم توانا هێماسازییە ئێستاش کە ئێستایە ڕۆڵێکی باڵکێش لە دەروونی مرۆڤدا دەگێڕێ. ئێمە گرێدراوی ئەو پەیامانەین وا لەو هێمایانەوە دێن، کاریگەرییەکی ڕیشاژۆ دەخەنە سەر خوڕەوشتمان. بۆ نموونە لە سالانی جەنگدا بە کەڵکەڵەیەکی بڵندەوە دەپەرژێینە سەر بەرهەمەکانی هۆمیرۆس و شکسپیر و تۆلستۆی. بە تایبەت مرۆڤ بە تێگەیشتنێکی تازەوە بەشی تایبەت بە جەنگ و شاهێمای جەنگ دەخوێنێتەوە. ئەم بەرهەمە

---

Archetype [2]: شاهێما یان ئارکیتایپ، بریتییە لە هێمایەکی نەمری باڵا و کاریگەر، یان کەسێتیی و پاڵەوان و ڕامان و شوێنێک. یەکێکە لە چەمکە گرنگەکانی ڕێبازی دەروونشیکاریی یۆنگ، یۆنگ پێی وابوو، تاک جگە لە تایبەتمەندییە بۆماوەییە فیزیکیی و جەستەییەکان، سرووش و کاریگەریی لە کۆمەڵ و ژیاریی و خێڵە سەرەتاییەکانیشەوە وەر دەگرێ، سا ئەو ئەمەی ناو نابوو: مێژووی زەین و زەینی دێرین. هەر بۆیە یۆنگ دەیوت، هەموو شتەکان پێش هاتنەبوونی تۆ درووست بوون، بەم ڕوانگەیەی یۆنگ بێ بە پێداگرییەوە دەتوانین بێژین: تەنانەت نەستی مرۆڤیش هەر سەرەتا هەبووە، لای یۆنگ شاهێما هەر هەبووە و دەمێنێ، تەنیا ئەوەیە ئامانج و ڕووگە و ڕووخساری دەگۆڕێ و.ک.

کاریگەرییەکی قووڵی وامان تێدا دەڕسکێنێ، زیاترە لە خرۆشی ئەو کەسەی وا هەرگیز خرۆشی جەنگی نەچێشتووە. ئەو جەنگانەی وا لە پێدەشتەکانی ترۆی[3] هەڵگیرسان، هیچ چونییەکییەکیان لەگەڵ پێکدادانەکانی ئاژینکۆرت[4] و بۆرۆدینۆ[5] نەبوو. لێ ئەوە نووسەرە لێوەشاوەکانن دەتوانن لەودیو شوێنکاتەوە بفڕن و پەخشانی جیهانیی بهۆننەوە. ئەم دەقانە لە بنەڕەتەوە هێماییین و ئێمە پەرچەکردار لە بەرانبەر ئەم بابەتانەدا دەنوێنین، چون لە ڕیشەوە هێماییین.

لێرەدا نموونەیەکی نایابتر دەخەینە ڕوو، بۆ ئەوانەی وا لە کۆمەڵگەیەکی مەسیحییدا گەورە بوونە، دابێکی ئاشنایە. زۆرینەمان لە جەژنی کریسمسدا خرۆشی لەدایکبوونیی ساوای ئوستووڕەیی نیوەخواییمان ئەزموون کردووە. بێ ئەوەی گردەبڕ باوەڕمان بە دووگیانبوونی مریەمی پاکیزە هەبێ، یان تەنانەت بێ ئەوەی باوەڕداریش بین، لێ نائاگا، ملمان بۆ هێمای لەدایکبوونەوە کەچ کردووە. ئەمە پاشماوەی ڕۆژگاری وەرزگۆڕکێی زستانی سەردەمی کەونارە، کە مژدەی بڕانەوەی زستانی نیوەگۆی زەوی باشوورمان دەداتێ. (وا بەهار دێ) و دیسانەوە ژیان دەزێتەوە. سەرباری ئەو دڕدۆنگییەی وا ئەمڕۆ هەراسی لێ هەڵگرتووین، لێ هێشتانەکێش چێژ لەم جەژنە هێماییە وەردەگرین و بە هێلکە و کەروێشک و لەگەڵ زارۆڵانمان جەژنی پاک دەگێڕین.

بەڵام بەڕاست پەیوەندیی نێوان مەرگ و هەڵسانەوەی مەسیح و شاهێمای خەڵک لەمەڕ جەژنی پاک دەزانین؟ بگرە تاقەتمان نییە لە شتی ئاواش ورد ببینەوە. لە کاتێکدا ئەمانە تەواوکەری یەکترن، لە یەکەم نیگاوە وادیارە لەخاچدانی مەسیح لە هەیینیی بەر لە جەژنی پاکدا، گرێدراوی شاهێمای پیتوفەڕە، ئەمە بە شێوەیەک لە شێوەکان سرووشی

---

Troie [3]: یەکێکە لە بەناوبانگترین جەنگەکانی نێو ئوستوورەی یۆنانیی، ئەم بەرهەمەمان لە ڕێی هۆمیرۆس و ڤێرژڵ و ئۆڤیدەوە پێ گەیشتووە، کێشمەکێشێکی زۆر لەمەڕ ئەوە هەیە کە ئەم جەنگە لە مێژوودا ڕووی داوە یان ڕووداوێکە لە نێو پانتایی ئوستوورەی یۆنانییدا.

Azincourt [4]: یەکێکە لە جەنگەکانی جەنگی سەدساڵە. بەریتانیا لە ٢٥ی ئۆکتۆبەری ١٤١٥ بە سوپاسالاریی هینری پێنجەم، لە ناوچەی ئاژینکۆرت یان ئاچینکورت، فەڕەنسای بەزاند.

[5] Brodino

له ڕێوڕەسمی ڕزگارکەرانی وەک ئۆزیریس[6] و تەمووز[7] و ئۆرفیوس[8] و بالدر[9] وەرگرتووە. ئەوانەش هێزێکی خوایی یان نیمچەخواییان هەبوو. سا دەستیان بە لوتکەی بڵندییدا ڕاگەیشت. کوژران تا سەرەنجام هەڵسنەوە. ڕاستییەکەی ئەوانە هی سەردەمی ئایینە خولاوەکان بوون، مەرگ و هەڵسانەوەی خوا- پاشا[10]- ئوستوورەی لەمانەدا دووپاتەوە بووبوو.

لێ لەدایکبوونەوەی مەسیح لە یەکشەممەی جەژنی پاکدا، کەمتر لە سرووتە بەناوبانگە هێماییە خولاوەکان پەژرێنراوە، چونکە مەسیح بۆ ئاسمان هەڵدەکشێ و لە دەستەڕاستی خوا (باوک)ـەوە دادەنیشێ: لەدایکبوونەوەی مەسیح تەنیا یەک ڕێ ڕوو دەدات و ئیتر دەبڕێتەوە.

ئەم تایبەتمەندییەی هەڵسانەوە دەبێتە هۆی هەڵبواردنی مەسیحییەت لە ئوستوورەی خوا- پاشاکانی تر. (پەسڵانی مەسیحیی چوارچێوەیەکی داخراوی هەیە)، هەڵسانەوە یەک جار ڕوو دەدات. هەموو پێڕە ئاینییەکان ئەم ڕووداوە بەرز ڕادەگرن. ڕەنگە هەر ئەم تایبەتمەندییە خۆی وای کردبێت پێڕە سەرەتاییەکانی مەسیحییەت- کە هێشتاش لە ژێر کاریگەریی نەریتەکانی پێش خۆیان بوون- پێیان وابووبێ گەرەکەک بۆ گەشەپێدانی مەسیحییەت، سوود لە بنچینەی سرووتە ئاینییە دێرینەکانی تری جەژنی لەدایکبوونەوە

---

[6]osirisخواوەندی مردن و هەڵسانەوە، یەکێکە لە خواوەندە مەزنەکانی میسرِی کۆن.

Tammuz [7] خواوەندی بەخشین، لە کۆتایی ساڵدا دەمرێ و سەرەتای بەهار زیندوو دەبێتەوە.

Orpheus [8]وا ناسراوە گوایە توانای پێشبینیی بە ئورفە و ئەپۆلۆن و دوو خوشکی تری بەخشیوە، بەو مەرجەی ناپاکیی لە خواکان نەکەن. ئورفە چەنگژەنێکی لێوەشاوە بووە، هەروەها سترانبێژ و مۆسیقاژەن و هۆنەر بووە. دەڵێن ئەوەندە دڵنشین ئاوازی ژەندووە، ئاژەڵە دڕندەکانی بۆ خۆی کێش کردووە، درەختەکانی بۆ لای خۆی داچەماندۆتەوە؛ هەروەها ستەمکارترین پیاوی ئارام کردووەتەوە.

Baldr [9] خواوەندی ڕووناکیی و چێژ و پاکییە لە ئوستوورەکانی ئەسکەندەنافیادا، ئەم خواوەندە دانا و تەڕپۆش و بۆشناخ و سەرەنجڕاکێش بووە. و، ک

God–King [10]: دەستەواژەیەکە بۆ فەرمانڕەوایی پاشایەک بە ناوی خواوە، یان ئەو پاشایانەی هەڵکشاون بۆ پلەی خوایەتیی، ئەمە پەیوەندیی لێل قۆناغی شارسازیی و دەسەڵاتیی خواپاشای نێر هەیە پتر، بۆ نموونە: مەردۆک لە بابل و ئاشوور لە ئاشوور. جا ئەم خواپاشایانە لە ڕێی فەرێکەوە شەبەنگی پیرۆزیی و باڵایی بە خۆیان دەدەن، وەک ئەو فەڕە پاشاییەی لە کۆندا میترا دەیدا بە پاشایان. و، ک

وەربگرن. ئەوان پێویستیان بە دووبارەکردنەوەی پەیمانی ژیانەوە بوو؛ هێلکە و کەروێشک دەرهاویشتەی ئەم ڕامانەیە. [11]

من ئەم دوو نموونە جیاوازەم بۆیە هەڵبژاردووە، تا نیشانی بدەم چۆنچۆنیی مرۆڤی ئەمڕۆیی هێشتاش پەرچەکردار بەرانبەر هۆکارە ڕەگئاژۆ دەروونییەکان دەنوێنێ، سا با لە دۆخی ئاگاییدا پەرچی بداتەوە و بە ئەفسانەی پڕوپووچی خەڵکی خەیاڵباز و نەخوێنەوار و گەلۆریان بزانێ، لێ گەرەکە لەمەش پتر بۆی داچین. تا زیاتر پێشینەی هێما و ئەو ڕۆڵەی وا هێماکان لە ژیارییە زەوەندە چەشناوچەشنەکاندا گێڕاوییانە لە بێژنگ بدەین، پتر ئەرخیان دەبین کە هێماکانیش کاژ فڕێ دەدەن. هەندێ لەم هێمایانە بۆ سالانی منداڵیی و نەونەهاڵیی دەگەڕێنەوە، هەندێکی تر بۆ سەردەمی هەراشیی و هەندێکیشیان بۆ سەردەمی پیریی. بۆ ئەو کاتەی وا مرۆڤ مل بۆ مەرگ دەدات. دکتۆر یۆنگ باسی ئەوە دەکات چۆنچۆنیی هێماکانی خەونی کچێکی هەشت ساڵە وەک هیی بەسالاچوویەک بووە. خەونەکانی هەندێ لەو نیشانانەی تێدا بوو وا نیشانەی سەرەتای ژین بوون، وەک ئەو شاهێمایانەی وا دەرکەوتنیان سەرەتای مەرگیان نیشان دەدا. ئەشێ هەڵکشانی ئەم هێمایانە لە بارگەی نەستەکیی مرۆڤی ئەمڕۆییدا فیتاوفیت وەک سرووتی ئاینییەکانی کۆمەڵگەی دێرین، خۆی بنوێنێ.

پەیوەندیی نێوان ئوستوورەی سەرەتایی و دێرین و بارگە نەستەکییەکان، دەستاوێژێکی گرنگی دەروونشیکارە، ئەمە زەمینەسازە تا لە بەستێنێکی مێژوویی و لە ڕوانگەیەکی دەروونییەوە؛ توێژینەوە ئەنجام بدات.

[11] لە جەژنی پاکدا سوود لەم دوو هێمایە وەردەگرن. و، ک

**سەرچاوە:**


١. انسان و سمبل‌هایش. دکتر کارل گوستاو یرنگ، ترجمه: دکتر محمود سلطانیه

٢. انسان و اسطورەهایش، ژوزف هندرسون، ترجمه: حسن اکبریان طبری


**واتای هەندێ وشە:**

لە وای: بەهۆی، لە سۆنگەی

خوازەڵۆک: لاپرەسەن، فزووڵ

دەستاوێژ: ئامراز، شتێک، کە بەردەستە بۆ ئەنجامدانی کارێک.

تەنگەتیلە: تاکڕەو، دەمارگیر

سەرەندەر ناکەم: سەرەندەری لێ ناکەم، لێی تێناگەیت.

هەڵۆڵ: ناوبۆش، پووچ، بێواتا